# مشتومڕی مامۆستا و قوتابییەک

# سەبارەت بە ڕاپەڕینێکی مێژوویی

ئەنوەر سوڵتانی

*ئەم وتارە پێشتر لە ژمارە ٢، ئاپریلی ٢٠١٨ ی گۆڤاری "دەروازە" چاپی ئەستەموول دا بڵاو بۆتەوە*
*www.derwaze.net*

بە داخەوە، چەند مانگێکە مامۆستا ئەمیری حەسەنپوورمان لە ناودا نەماوە و ئەوەی بۆمان مابێتەوە، تەنیا یادی شیرینی کەسایەتییەکەی و یادگاری بەنرخی کارەکانییەتی.

لە دەستچوونی کاک ئەمیر بۆشاییەکی گەورەی لە بواری لێکۆڵینەوە لە مێژوو، زمانەوانی، کۆمەڵناسی و سیاسەتی کوردستان پێک هێنا. دەبێ لە ناوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵات خەڵکانێکی زۆر هەبن لە کاری توێژینەوەی مێژوو و زمان و سیاسەتی کوردستاندا هەست بە لەدەستچوونی مامۆستایەک، ڕاوێژکارێک و دڵسۆزێک بکەن کە هەرکات پێویستیان بوایە، کەڵکیان لە هاوکاری و ڕێنمایی پسپۆڕانەی ئەو بلیمەتە وەردەگرت.

کاک ئەمیر لە کارکردن لەگەڵ خەڵکدا وەک مامۆستایەکی پڕۆفیشناڵ دەجووڵایەوە و نە خۆی لەو ڕێبازە لایدەدا و نە دەرەتانی دەدایە لایەنەکەی تر لاڕێ بڕوات. هەربۆیەش پەیوەندییە حیرفەییەکانی چەق بەستوو لە سەر ناوەرۆکێکی دیاریکراو بوون و پرسیاری بکردایە یان وەڵامی پرسیارێکی بدایەتەوە بە وردی خاڵەکەی دەپێکا و ڕیوایەتی بێ پەیوەندی تێکەڵاو کارەکە نەدەکرد.

من وەک تاکێک لە سەدان و ڕەنگە هەزارانی وەک خۆم، گەلێک یارمەتیم لە پسپۆڕایەتی کاک ئەمیر وەرگرت و بۆ بەشێک لە کاری وەرگێڕانی بەڵگەنامە، خۆم بە قەرزداری ڕێنومایییەکانی ئەو دەزانم.

لێرەدا دەمەوێ لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی مێژوویی بخەمە بەرچاو کە ئەو وەک ڕچەشکێن ساڵانێک بوو خۆی پێوە ماندوو کردبوو و منیش وەک تازەکارێکی کەمزان، دەمەویست بچمە گۆڕەپانەکەوە و خۆ بخەمە گۆمێکەوە کە ئەو مەلەوانی لەمێژینی بوو.

بابەتی جێی باس، ڕاپەڕینێکی وەرزێریی مەزن بووو کە لە ساڵانی ١٣٣١ و ٣٢ ی هەتاوی (١٩٥٣ز) لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان و هەندێک شوێنی دیکەی کوردستان ڕوویدا و بە داخەوە کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ هەرەسی پێهێنان.

منیش وەک کاک ئەمیر لە ساڵی ڕووداوەکاندا مێرمنداڵێک بووم و ڕاستەوخۆ لە ڕاپەڕینەکەدا بەشداریم نەبوو، بەڵام کارتێکەریی ئەنجامەکانیم لە دەستبەسەرکرانی خەباتکاران و ئاوارەیی و ماڵوێرانیی ڕاپەڕیوان و زاڵبوونەوەی ئاغاوات بەسەر چارەنووسی خەڵکدا بەچاو بینیبوو یان لە بەشداربووانی ڕاستەوخۆی ڕاپەڕینەکەم بیستبووەوە. واهەیە ئەو کارتێکەرییانە لە مندا تا ڕادەیەکیش زیاتر بووبێت لەبەر ئەوەی بەشێکی گرنگی ڕووداوەکان لە ناو شاری بۆکان و گوندەکانی لادەستی ڕوویاندا، ئەویش

کاتێ کە تەمەنم ١٠-١٢ ساڵان بوو و کەمتاکورتێک لە مەسەلەی کێشەی نێوان ئاغا و ڕەعیەت لە ناوچەکە تێدەگەیشتم.

بۆ نموونە، من خۆم هێرشی گۆپاڵ بەدەستانی ئاغاواتی دێبوکری و ترس و لەرزی خەڵکم بە چاو بینی کە ئێوارەی ڕۆژی کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ٣٢ ڕژانە ناو بازاڕ و کۆڵانەکانی شاری بۆکانەوە و دەرگەی دووکان و ماڵانیان شکاند و ڕاوی ڕاپەڕیوانیان دەکرد. هەروەها من گڕە مەشخەڵی ئاگری سەر مالی حاجی قاسمی کەریمی و کاک حوسەینی برای ئەو (و مامۆستای خۆم) و نەمر عەلی میرەبەگم بە چاوی سەر بینی، کە لە بەرەبەیانی ڕۆژی جەژنی قوربانی دوای کۆدیتادا نۆکەرانی ئاغاکان، بە فەرمانی ئەوان، لە ناوەڕاستی بۆکان ئاگریان تێبەردان و سیپاڵی ژن و منداڵی حاجی قاسم و عەلی میرەبەگی ڕاپەڕیویان فڕێدایە کۆڵان و ئاوارەیان کردن.

ئەو ڕۆژە و ڕۆژانی دواتر، زۆرێک لە ڕاپەڕیوان و دژبەرانی ئاغاکان گیران و لە تەویلەی ماڵی ئەوان قایم کران، یان بە یارمەتی پۆلیس و ئەرتەشی شا، نێردرانە زیندانی شاری مەهاباد- نموونەی هەرە نزیک لە ژیانی خۆم، گیرانی کاکم، عومەری سوڵتانی، وەک یەک لەو دەیان کەسانە بوو کە دوای هەرەسی ڕاپەڕینەکەی بۆکان و گوندەکانی دەوروبەر، لە لایەن شەهرەبانیی ژێر دەسەڵات ئاغاکانەوە گیرا و ئەو ڕۆژەی وا هاوڕێ لەگەڵ دوو ئاژان دەیاننارده زیندانی مەهاباد، لەگەڵ باوکم لە گاراژی شار بەڕێمان کرد.[1] من ئەگەر وێرابێتم دەست بدەمە کاری نووسین سەبارەت بەو ڕاپەڕینەی بۆکان و گوندەکانی نزیکی، بەهۆی ئەو زانیارییە ڕاستەوخۆیانە و هاندانی کاک ئەمیرەوە بوو.

بۆ ئاگاداری لە دەسپێک و هۆکارەکانی ڕاپەڕینی شار و ناوچەی بۆکان، سەرەتا چەند خاڵی سەرەکی ڕوون دەکەمەوە ئینجا دەچمە سەر بۆچوونی هاوبەش یان جیاوازی کاک ئەمیر و خۆم:

### 1 . ڕاپەڕینی دژە فێئۆدالیی ساڵانی ١٣٣١ و ٣٢ ی شاری بۆکان چۆن سەری هەڵدا؟

بۆکان لەو ساڵانەدا شارەدێیەکی کوردنشین بوو سەر بە ئوستانی ئازەربایجان، بە ژمارەی دانیشتوانێکەوە کە خۆی لە ١٠ هەزارکەس[2] دەدا. ئەو شارەدێیە، پێش ئەوەی لە دەوروبەری ساڵی ١٣١٨ دا ببێتە ناوەندی 'بەخش'ێکی سەر بە شاری مەهاباد، گوندێکی گەورە بوو کە وەک هەموو گوندەکانی ناوچە، ئاغاوەت خاوەنداریەتییان دەکرد و بە شێوەی هەموو گوندێکی دیکە، دەکڕا و دەفرۆشرا. بۆکان بە ماوەی سێ چوار ساڵێک پێش ئەوەی ببێت بە 'بەخش' و ئیداراتی دەوڵەتی وەک بەخشداری و شەهرداری و کەلانتەری لێ دابمەزرێت، موڵکی حەبیبوڵڵا پەناهی- تاجرێکی تەورێزی و دوو ئەندامی دیکەی بنەماڵەکەی ئەو بوو. پەناهییەکان دواتر لە ساڵی ١٣٢٣ دا بۆکانیان بە ئاغاواتی دێبوکری فرۆشت.[3] خاوەنە تازەکانی بۆکان، بەرەی دوو برابوون (حاجی بایزئاغا و مەحموود ئاغا) کە سەرەتا شوهرەتی

---

[1] بیرەوەریی سەبارەت بە گیران و لە تەویلە و زیندان خرانی خەباتکاران، لە یادداشتەکانی نەمر میرزا حەمە ڕەئووفی خەیات (حافظ القرآن) دا ڕەنگێکی زۆری داوەتەوە. بەداخەوە ئەو بیرەوەرییە بەنرخانە هێشتا چاپ نەکراون.

[2] . ڕەحمان محەممەدیان، *بۆکان لە سەدەی بیستەم دا* ، ب. ١ (نامەی هاشمی و کەریمی بۆ کاشانی (تهران: کوله پشتی، ١٣٨٩ (٢٠١٠)، ١١٣.

[3] ڕەحمان محەممەدیان، *بۆکان لە سەدەی بیستەم دا*، هەمان، لاپەڕە ٨٢.

هەردوولایان ئێلخانی زادە بوو بەڵام لە ساڵانی نێوان ۱۳۳۰ و ۱۳٤۰ دا، بەرەی ماڵی حاجی بایزئاغا (جگە لە ئەحمەد ئاغای باوکی کاک سوارەی شاعیر)، شوهرەتیان گۆڕی و کردیانە موهتەدی.

کێشەی نێوان ئاغا و ڕەعیەتی ناوشار پێشینەی هەبوو و مێژووی دەگەڕایەوە سەردەمی مڵکایەتی تاجرە تەورێزییەکە و تەنانەت پێش ئەویش واتە سەردەمی سەردارەکان کە لەماوەی نێوان ۱۲۲۹ تا دەوروبەری ساڵی ۱۳۱۵ ی هەتاوی (۱۸٤۰ تا ۱۹۳٦ ی زایینی)دا خاوەنایەتی بۆکانیان کردبوو. کێشەی بنەڕەتی خەڵکی بۆکان لە گەڵ ئاغاکان ئەو ڕاستییە بوو کە خەڵکەکە داوای تاپۆ کردن واتە "سەبتی عەرسە و ئەعیانی"ی ماڵ و دووکان و باغاتی خۆیان دەکرد، بە لام ئاغاوات ئەو مافەیان پێنەدەدان و وەک هەموو گوندێکی دیکەی ناوچە، ئەگەر بیانویستایە دەیانتوانی مڵک و ماڵی کەسێک زەوت بکەن، شڕەی بخەنە کۆڵان و و لە شار وەدەری نێن، بێ ئەوەی کەسەکە لە دام و دەزگەی دەوڵەتیدا هیچی پێبکرێت، لەبەر ئەوەی 'خاوەن عەرسە' بە پێی قانوون، ئاغاکان بوون نەک خەڵک.

ئەو کێشەی نێوان ئاغا و ڕەعیەتە، هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ تەقینەوەی ساڵی ۱۳۳۱ کە ڕاپەڕینی زستانی ئەو ساڵە و بەهار و هاوینی ساڵی ۱۳۳۲ ی ناو شاری لێ کەوتەوە و باڵی کێشایە سەر گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی شاریش کە مڵکی ئاغاواتی فەیزوڵڵابەگی بوو، بەڵام لە دێهاتی بەشی ڕۆژئاوای شاردا، کە مڵکی ئاغاواتی دێبوکری و لەژێر دەسەڵاتی توندوتیژی هەمان تایفەی ئاغاواتی شاردا بوو، ڕەنگدانەوەی گەلێک کەمتری لێ بەرهەم هات.

## 2 . چاکسازیی دەوڵەتی موسەددیق

لە ساڵانی نێوان ۱۳۲۰ تا ۱۳۳۲دا، دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران ئاڵۆز و ناسەقامگیر بوو، دیکتاتۆریەتی ڕەزا شا ڕووخابوو، ئازادییەکی ڕێژەیی سیاسی لە ئارادا بوو و حزبی سیاسی زۆر، ڕاست و چەپ سەریان هەڵدابوو. حزبی توودەی ئێران لە ساڵی ۱۳۲۰، و لە کوردستانیش سەرەتا کۆمەڵەی ژێکاف لە ۱۳۲۲ئینجا حزبی دیموکراتی کوردستان لە ۱۳۲۵دا دامەزرابوون.

لە ساڵانی دوای ۱۳۲۷دا کێشەی نێوان شا و لایەنگرەکانی لەگەڵ جبهەی میللی بە ڕێبەرایەتی دوکتۆر محەممەدی موسەددیق، زەق ببووەوە و دەوڵەت بە شوێن دەوڵەتدا پێکدەهات بێ ئەوەی بتوانن دۆخەکە هێور بکەنەوە. دەست تێوەردانی وڵاتانی دەرەوە بە تەیبەت بریتانیا و یەکیەتی سۆڤیەتی، ببووە هۆی ئەوەی بارستایی هێز هەرجارەی بە لایەکدا بکەوێت؛ بۆ نموونە، کابینەی حوسەینی عەلا ٤۲ ڕۆژ و کابینەیەکی قەوام تەنیا ٤ ڕۆژ دەوامیان هێنا و دوکتۆر محەممەدی موسەددیقیش دوو جار بوو بە سەرەک وەزیران و کابینەی پێک هێنا.[٤]

خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران بەگشتی داوای مافی سیاسی و ئابووریی خۆیان دەکرد و شەقامی شارەکان ڕۆژانە پڕ بوو لە خەڵکی لایەنگری مافی کرێکار و وەرزێران. لە پایزی ساڵی ۱۳۳۱ دا دەوڵەتی دوکتۆر موسەددیق دوو لایحە (Bill)ی پێشکەش بە مەجلیسی شۆڕای میللی کرد[٥] و لە ۲۲ی گەلاوێژی ۱۳۳۲دا هەردوکیان 'تەسویب' کران و بوون بە قانوون (Act). بە گوێرەی ئەو قانوونە،

[٤] . مسعود بهنود، ***از سید ضیاء تا بختیار-دولتهای ایران از اسفند ۱۲۹۹ تا بهمن ۱۳۵۷*** . چاپ سوم. تهران: انتشارات جاویدان، ۱۳٦۹ ۳۲۳ - ۳۵۷

[٥] . لایحەی یەکەم: ۱۳۳۱/۷/۱٤ (٦ی ئوکتۆبری ۱۹۵۲ زایینی): "لایحه ازدیاد سهم کشاورزان و سازمان عمران کشاورزی" کە بە قانوونی ۲۰٪ دەناسرا و چۆنیەتی پێکهێنانی شۆڕای دێهات.

**یەکەم،** دەبوایە لە هەموو گوندێک 'شۆڕای دێ' لە نوێنەرانی ئاغا و ڕەعیەت پێک بێن؛
**دووهەم،** لەو بەشە حاسڵەی وا ساڵانە وەرزێر دەیدایە ئاغا و ئەویش بەگشتی سەتا بیست (دەو دوو) بوو، دەبوایە دەیەکی ئەو دەو دووە (دوو لە سەد)، بدرێتەوە دەست ڕەعیەت بۆ ئاوەدانی ناو ماڵی خۆی و دە یەکی دیکەشی بدرێتە شۆڕای دێ بۆ ئاوەدانی ناو گوند (سەرجەم ٢٠٪ ی ئەو ٢٠٪ ە دەیکردە ٤٪ی بەشی ساڵانەی ئاغا لە کشتوکاڵی وەرزێر)؛
**سێهەم،** خاوەن مڵک جگە لەو ڕادەیەی وا ڕەعیەت دەیدایە، مافی هیچ چەشنە ڕووتاندنەوە و چەوساندنەوەیەکی نەبوو واتە نەیدەتوانی مریشکانە و هێلکانە و تەپاڵانە و... لە ڕەعیەت بستێنێت؛
**چوارەم،** ئاغا مافی ئەوەی نەما بێگاری واتە کاری بێ حەقدەست بە ڕەعیەت بکات.

ئەو قانوونە، باوەکوو چەوسانەوەی وەرزێرانی لە لایەن خاوەن مڵکەوە بنەبڕ نەدەکرد و زەوی هەر وەک مڵک بۆ ئاغا دەمایەوە، بەڵام بۆ ئەو سەردەمە گەلێک پێشکەوتوو بوو بە تایبەت کە دەسەڵاتی موتڵەقی ئاغاواتی بە سەر ژیان و داهاتی ڕەعیەتدا بەربەست دەکرد و بەشێک لە بڕیاری سەبارەت بە دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوگوندی دەدایە شۆڕایەک کە ڕەعیەتیش بەشێک بوون لە پێکهاتەکەی؛ ئەوە هەنگاوێکی بوێرانە و بەردێک بوو کە دەخرایە ناو گۆمی مەندی پەیوەندیی نابەرانبەری چەند هەزارساڵەی دوای پێکهاتنی سیستەمی فێئۆداڵی لە نێوان ئاغا و ڕەعیەت لە ئێران، بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە.

### کارتێکەریی قانوونەکە لە سەر خەڵکی بۆکان

لەو سەروحەددەدا بەشێک لە خەڵکی بۆکان کە پێشتریش لەگەڵ ئاغاکاندا کەوتبوونە بەربەرەکانیی مافخوازییەوە، دەرفەتی ئەو قانوونەیان قۆستەوە و دووجار نوێنەریان هەڵبژارد و ناردیانە مەهاباد و تاران بۆ سکاڵا لە ئاغاکان لە پێناو بەربەست کردنی دەسەڵاتیان و نەهێشتنی زوڵم و چەوسانەو لەسەر کۆمەڵانی خەڵک. یەک لە داواکارییەکانیان ئەوە بوو لقی 'اداره ثبت اسناد و املاک' لە بۆکانیش بکرێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی ئاسایی بتوانن کێشەی مڵک وماڵیان لەوێ چارەسەر بکەن و ناچار نەبن بۆ هەموو کارێکی گەورە و بچووک بچنە مەهاباد، کە لە بارودۆخی ئەو ساڵانەدا بۆ خەڵکی دەست تەنگ و هەژار کارێکی هاسان نەبوو، یان لانیکەم دەبوو بە خەرج و مەسرەفێ بۆیان.

حاجی قاسمی کەریمی، بەرگدروو و خاوەنی کارگەیەکی قەند لە بۆکان، هەروەها سەید محەممەد ئەمینی هاشمی[6] بۆ ڕاگەیاندنی سکاڵای خەڵک لە ئاغاکان، لە بەهار/هاوینی ١٣٣٢دا چوون بۆ تاران. لەوێ دوکتۆر محەممەدی موکری کوردی کرماشانی کە ئەو ساڵە کاندیدی هەڵبژاردنی ئەندامیەتی مەجلیسی شۆڕای میللی لە شاری مەهاباد و دەوروبەری (بە بۆکانەوە) بوو و خاوەن بیروبڕوایەکی پێشکەوتنخوازانەش بوو، یارمەتیدان بچنە لای دوکتۆر کەریمی سەنجابی (کوردی کرماشانی) کە ئەندامێکی دامەزرێنەری "حزب ایران" وەک بەشێک لە پێکهاتەی 'جبهه ملی' و بۆ ماوەیەک وەزیری فەرهەنگی کابینەی دوکتۆر موسەددیق و لەو کاتەدا ئەندامی مەجلیسی شۆڕای ئێران بوو. سەنجابی ڕێگەی بۆ کردنەوە بۆ ئەوەی بتوانن نامەی عەرزوحاڵیان بگەیێننە دەفتەری دوکتۆر موسەددیقی سەرەک

---

لایحەی دووهەم: ١٣٣١/٨/٣٠ (٢٢ی دیسامبری ١٩٥٢ی زایینی)" "لایحه الغای عوارض و سوروسات در دهات.
پەسند واتە تەسویبی هەردوو لایحە پێکەوە لە مەجلیسی شۆڕای میللی ئێراندا: ٢٢ موردادی ١٣٣٢ (١٣ ئووتی ١٩٥٣ی زایینی). ئەم زانیارییانە لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: ئەمیر حەسەنپوور، ***دەروازە- کۆڤارا کوردییا زانستێن جڤاکی و مرۆڤی***، ژمارە ١، گوڵان ٢٠١٧، ئەستەموڵ، لل. ٩٨ و ٩٩.
[6] برا گەورەی سەید عەبدولقادری هاشمی (سەیدی بەننا). سەیدی بەننا کەسایەتییەکی ناسراوی کۆمەڵایەتی لە ناو شار بوو، کە پێشتر وەک نوێنەری پەناهییەکان لە بۆکان، پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەوان بوو.

وەزیران و ئایەتوڵڵا کاشانی سەرۆکی مەجلیسی شۆڕا. موسەددیق عەینی نامەکەیانی نارد بۆ وەزیری ناوخۆی ئێران (کە ئەودەم دەبێ دوکتۆر غلامحسین صدیقی بووبێت). لە نامەی نێرراو بۆ کاشانیدا، حاجی قاسم باسی زوڵم و زۆری ئاغاکان لە خەڵکی بۆکانی کردبوو و بە ناو، ناوی هەندێک لە ئاغاکانی هێنابوو.[٧]

دوکتۆر موکری و دوکتۆر سەنجابی دەرەتانیان بۆ حاجی قاسمی کەریمی پێک هێنا بۆ ئەوەی لە سەر ڕادیۆ تاران پەیامێکی هاوخەباتی لەگەڵ خەڵکی بۆکان و ناوچەکە و دژ بە ئاغا و دەرەبەگان بنێرێت و پێیان ڕابگەیێنێت کە چیدی نابێ ئیجازە بە خاوەن مڵکەکان بدەن بیانچەوسێنێتەوە. هەروەها، حاجی قاسم پەیامێکی هاوشێوەی لە ڕێگەی ڕۆژنامەی 'جبهە آزادی' ئۆرگانی حزبی ئێرانەوە بۆ خەڵکی بۆکان نارد، ئەویش لە دوو توێی چاوپێکەوتنێکدا کە ڕۆژنامەکە لەگەڵی ڕێکخستبوو و هاوڕێ لەگەڵ وێنەیەکیدا بە جل وبەرگی کوردییەوە، لە لاپەڕە یەکەمی ژمارە ١٨٣ ی ساڵی سێهەم (١٣٣٢/٢/٣ی هەتاوی و ١٩٥٣ ی زایینی) بڵاوی کردبووەوە.[٨] نوسخەی ڕۆژنامەکە گەیشتە بۆکانیش.

ئەو کار و خەباتانە، بۆ ڕەعیەتێک و خەڵکێک کە تا ئەودەم لە هیچ کوێ ناویان نەبوو و دەورێکیان لە بڕیارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا پێنەدەدرا، هیچی لە شۆڕشێکی مەزن کەمتر نەبوو. خەڵک لە بۆکان و گوندەکانی دەوروبەر بە شادی و خۆشییەکی بێ وێنەوە شوێنی هەواڵەکانیان دەگرت. پەیامی حاجی قاسم ترسی لە دڵی خەڵکدا نەهێشت و ئاگری ڕاپەڕین لە ناو شاری بۆکان هەڵگیرسا. ئاغاکان لە ناوماڵیان خزان و لە ترسی قسەی خەڵک کەمتر لە ماڵ دەهاتنە دەر. بۆ پشتیوانی موسەددیق و یاسا پێشکەوتووەکانی، خۆپیشاندان دەکرا و خەریک بوو ترسی ساڵ و سەدە لە ئاغاوات بە تەواوەتی دەڕژا. حاجی قاسم لە ناوەڕاستەکانی مانگی گەلاوێژ، لە تارانەوە هاتبووەوە تەورێز و خۆی بۆ گەڕانەوەی بۆکان ئامادە دەکرد، دانیشتوانی شاریش بە گەورە و بچووکەوە ئامادە دەبوون پێشوازی لە ڕۆڵە قارەمانەکەیان بکەن.

لەو دۆخە هەستیارەدا بوو کە کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ڕوویدا، هەموو ڕیسەکانی خەڵکی کردەوە خوری و حکوومەتی شای دوای کۆدیتا سەرلەنوێ ئاغاواتی بە سەر چارەنووسی خەڵکدا زاڵ کردەوە. حاجی قاسم نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆکان و هەرلەوێوە ئاوارەی باشووری کوردستان بوو، شوێنێک کە تا سەردەمی مەرگ لێی مایەوە. ئاغاکان کە دەستیان بە حاجی قاسم ڕانەدەگەیشت، ماڵی خۆی و براکەیان[٩] ئاگر تێبەردا. عەبدوڵڵا ئێرانی و میرزا حەمە ڕەئووفی خەیات و عەلی میرەبەگ و حوسەینی تەهایی و برایمی ئەفخەمی و برایمی تەنازی و برایمی حەریری و عەبدوڵڵای سامبەگی و مەحموودی ڕەزایی و عومەری سوڵتانی و دەیان کەسی دیکە کەوتنە زیندان یان تەویلەی ئاغاکانەوە و نوێنەرانی ئاغاواتی دێبوکری بۆ عەرزی پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆدیتا، چوون بۆ تاران و قاسم ئاغای موهتەدی خیتابەیەکی بە تاوتینی لەمەڕ وەفادارییی خۆیان بە تاج وتەخت و سەرکەوتن بە سەر 'خراپەکاران'دا، پێشکەش بە شا کرد.[١٠] دەسەڵاتی بێ سنووری ئاغاوات لە ئێران گەڕایەوە دۆخی هەزاران ساڵەی خۆی و هەندێکیش ئەولاتر!

---

[٧] . ڕەحمان محەممەدیان، هەمان، ١١٣ - ١١٥

[٨] . ڕەحمان محەممەدیان، هەمان، ٨٩ - ١٦٣

[٩] . برای بچووکی نەمر حاجی قاسم- کاک حوسەینی کەریمی، لە قوتابخانەی بۆکان، یەکەم مامۆستای من بوو کاتی کە لە پۆلی "تەهییە"ی پێش پۆلی یەکەمدا دەستم بەخوێندن کرد. دواتر لە سیستەمی پەروەردەی ئێراندا پۆلی 'تەهییە' ناوی 'ئامادەگی' لێ نرا.

[١٠] . ڕۆژنامەی کەیهان، ٥ ی مانگی میهری ١٣٣٢و ٢٧ ی سپتامبری ١٩٥٣

شارەکانی دەوروبەری بۆکان وەک مەهاباد و سەقز و سەردەشت و میاندواو هیچکامیان هەل و مەرجی بۆکانیان نەبوو و بە گشتی هیچکام لەوانە مڵکی ئاغاوات نەبوون؛ هەر بۆیەش لە ماوەی هەموو ئەو ڕاپەڕین و خەباتەدا کە خەڵکی بۆکان دژ بە ئاغاوات کردیان، هەواڵی هاوچەشن لەو شارانەوە نەبیسترا لەبەر ئەوەی ناتەباییەک بەو ناوەرۆکەوە لەواندا نەبوو و ئاشکرایە زەمینەیەکی عەینی بۆ ڕاپەڕینی ئەوتۆش، بوونی نەدەبوو. لەو شارانەدا ناتەباییەکان بەگشتی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا بوو و خەباتی سیاسی و حزبیی خەڵکی شارەکان بە گەرموگوڕی بەڕێوە دەچوو؛ حزبە نەتەوەییەکە واتە حزبی دیموکراتی کوردستان و تاقە حزبی چەپ کە حزبی توودەی ئێران بێت، هەروەها جبهە میللی و حزبەکانی پێکهێنەری، گۆڕەپانی سیاسەتیان داگرتبوو. بەڵام حیسابەکان لە بۆکان تا ڕادەیەک جیاواز بوو- خەڵکی بۆکان لەگەڵ دوژمنێکی خۆجێ بیش تێکەوتبوون: خاوەن مڵکەکان.

**ڕاپەڕین لە گوندەکانی دەوروبەری بۆکان**

بەشێکی زۆر لە ڕاپەڕیوەکانی بۆکان، خۆیان لە بنەڕەتدا گوندیی بوون یان کەس و کاریان لە گوندەکانی دەوروبەری شار دەژیان. هەروەها زوربەی دووکاندارەکان بژیوی خۆیان لە ڕێگەی سات وسەودا لەگەڵ گوندییەکانەوە دابین دەکرد. گوندییەکانیش بە هەمان ئازارەوە دەیانناڵاند کە خەڵکی بۆکان: چەوسانەوە و زوڵم و زۆری ئاغاوات ئەو دیاردە هاوبەشە بوو کە هەردوو لایانی لێک گرێدەدا. خەباتی خەڵکی ناو شاری بۆکان گەلێک زوو باڵی کێشایە سەر گوندەکان.

لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە کە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێت: گوندەکانی بەری ڕۆژئاوای بۆکان کە مڵکی ئاغاواتی دێبوکری و خزمی ئاغاکانی بۆکان بوون، تاک و تەرا نەبێت بە دەنگی ڕاپەڕینی خەڵکی شارەوە نەهاتن و بزووتنەوەیەکی یەکگرتووی وەرزێری لەو شوێنانەدا سەری نەگرت. ئاغاواتی دێبوکری خاوەنی شاری بۆکان و زۆرێک لە گوندەکانی ڕۆژئاوای شار بوون و دەرەتانی ئەوەیان بە ڕەعیەت نەدەدا لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیوی شاردا یەک بگرن هیچ، تەنانەت گرووپی گۆپاڵ بەدەستیان لێ پێک هێنابوون کە دژ بە ڕاپەڕیوانی شار کەڵکیان لێ وەردەگرتن. لەکاتێکدا بەری ڕۆژهەڵاتی شار، واتە بەشی ناسراو بە فەیزوڵڵابەگی[11] نەک هەر بە گەرم وگوڕی پێشوازییان لە ڕاپەڕینی خەڵکی شار کرد، بەڵکوو بە هۆی پێداگری لە سەر مافەکانیان و داواکاریی گەلێک ڕادیکاڵتر لەوان و لە گوندنشینەکانی دیکەی ناوچە و تەنانەت ئێران، بوون بە پێشەنگی خەبات لە پێناو دابەشکردنی زەویی ئاغاکان بە سەر ڕەشایی و جووت بەندەدا. ئەوە تەنانەت چەند هەنگاوێکیش پێشتر بوو لە داواکاریی خەڵکی شار و حزبە سیاسییەکان بە حزبی دیموکراتی کوردستان و حزبی توودەی ئێران و جبهەی میللییەوە.

هەوڵدان لە پێناو دۆزینەوەی هۆکاری ئەو جیاوازییەی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی لەگەڵ ناوچەی دێبوکری و ناوچەکانی دیکەی شارەکانی دەوروبەر، ئەرکێکی گرنگە. بە بۆچوونی من، لەوێدا پرۆسەی تێپەڕبوون لە قۆناغی ئابووری-کۆمەڵایەتی سەردەمی عەشیرەتییەوە بۆ قۆناغی فیئۆداڵی، کە لە دووهەمیاندا چەوسانەوەی وەرزێر لە لایەن خاوەن مڵکەوە زەق و بەرچاوە، لەمێژ بوو کۆتایی

[11] . شوێنایەتی ئەو ناوچەیە لە باری جوغرافیاییەوە بریتییە لە چۆمی جەغەتوو لە ڕۆژهەڵات، شاری بۆکان لە بەری ڕۆژئاوا، گوندەکانی نزیک شاری سەقز لە باشوور و گوندەکانی نزیک شاری میاندواو لە باکوور. ناوەندی سەرەکی ڕاپەڕینیش لە گوندی یەکشەوە، ئاڵبلاغ، بەردەزەرد، جامەرد، تیکانتەپە و گوندەکانی دەوروبەریان بوو.

پێهاتبوو و پەیوەندی خوێنی لە نێوان سەرۆک عەشیرە و ئەندامانی عەشیرەتەکە، نەمابوو لەبەر ئەوەی عەشیرەتی فەیزوڵڵابەگی تەنیا بریتی بوو لە ئاغاکان و ڕەعیەت بەشێک لەو فۆرماسیۆنە نەبوو. هەروەها بەشێک لە ئاغاواتی فەیزوڵڵابەگی خەڵکانی شارنشین و ڕووناکبیر و نووسەر و هونەرمەند بوون و تەنانەت یەکیان هەر خۆی زەوییەکانی بە سەر گوندنشینەکاندا دابەش کردبوو. خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج ئەو ڕاستییە بوو کە هەندێک لە ئاغاکان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی ئێران کەوتبوونە دژایەتییەوە لەبەر ئەوەی تەنیا ٦ ساڵێک پێشتر واتە دوای هەرەسی کۆماری کوردستان، حەوت کەسیانی لە سەقز و بۆکان ئیعدام کردبوو، ئەو شتە لە ناو ئاغاکانی دێبوکری ڕووی نەدابوو و بە پێچەوانە، ببوونە پێشەنگی سۆپای ئێران لە گرتنەوەی شاری بۆکان و مەهابادی سەردەمی هەرەسی کۆماری کوردستاندا.[١٢]

ئەو خاڵانە بە سەریەکەوە، ناوچەی فەیزوڵڵابەگییان کردبووە شوێنێک کە گەلێک لە ناوچەی دێبوکری جیاواز بوو.[١٣] لە لای دێبوکرییەکان و لە ناوچەکانی دەوروبەری مەهاباد و سەردەشت و سەقز، جووڵانەوەیەکیئەوتۆ بوونی نەبوو، یان ئەگەر بوو، هەمەگیر نەبوو. لە گوندەکانی فەیزوڵڵابەگیدا، ئاغاوەت ڕاونران، ماڵ و زەوییان لێ زەوت کرا، هەندێکیان موحاکەمەی شۆڕشگێڕانە کران تەنانەت لە گوندی بەردەزەرد پەنجەرەی ماڵیشیان دەرهێنرا. هێزی ئەرتەش بە فەرماندەیی سەرهەنگ موزەففەر زەنگەنە ڕاست هێرشی کردە سەر گوندی یەکشەوە و ئاڵبڵاغ، ژمارەیەک لە ڕاپەڕیوانی گرت و کۆمەڵانی خەڵکی هەر ئەوێش بوو کە بە دەستی بەتاڵ بەرەنگاری هێزی ئەرتەش بوونەوە؛ تەنیا لەوێش بوو کە ژنان بەشداریی ڕاپەڕینەکەیان کرد و بە بەرد و دار و تەپاڵە، بە گژ چەکداری ئەرتەشی هێرشکاریی شادا چوونەوە.

**ڕەنگدانەوەی ڕاپەڕینەکان لە بیرەوەریی خەباتکارانی کورددا**

پڕیشکەی ئاگری ڕاپەڕین لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگییەوە گەیشتە هەندێک شوێنی دیکەی ناوچەکە واتە ناوچەی موکریان. مامۆستای نەمر هێمن باس لە "جووتیارەکانی کوردستانی ئێران" دەکات کە لە دژی زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی دەرەبەگەکان ڕاپەڕین"[١٤]. بەڵام نەمر مامۆستا کەریمی حیسامی،[١٥] بەڕێز مەلا عومەری عەسری[١٦] و نەمر مامۆستا ئەمیری حەسەنپوور،[١٧] ڕاپەڕینەکەیان بە دیاردەیەکی "موکریانی" ناو بردووە.[١٨] لە لایەکی ترەوە، نەمر مامە غەنی بلووریان لە دوو بەرگ بیرەوەری خۆی کە بەرهەمی وتووێژیەتی لەگەڵ کاک حامید گەوهەری و کاک برایم فەرشین، تەنیا دیاردە بە "ڕاپەڕینی

[١٢] . هەژار، عەبدوڕەحمانی شەرەفکەندی، ***چێشتی مجێور***. چاپی یەکەم، پاریس، ١٩٩٧، ٨٣ - ٨٨

[١٣] لە ساڵی ١٣٥٨ و ٥٩شدا (١٩٨٠ی زایینی) کە ڕێکخراوی فیدائیانی خەلقی ئێران لە ناوچەی بۆکان بانگەوازی دابەشکردنی زەویی گوندەکانی دا، مێژوو دووپات بووەوە: تاقە شوێنێک کە بە دەنگی بانگەوازەکەوە هات، هەمان ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بوو کە نەریتێکی شۆڕشگێڕانەیان هەبوو. گوندنشینانی چەند گوند، بۆ نموونە گوندی "حەسار"، کە مڵکی یەک لە بنەماڵەکانی ئاغاواتی فەیزوڵڵابەگی بوو، زەوییەکانی ئاغایان بە سەر خۆیاندا دابەش کرد و حاسڵیشیان هەڵگرت. "کومیتەی وەرزێریی" ڕێکخراوەکە ڕاستەوخۆ هاوکاری وەرزێرانیان دەکرد و منیش لە ڕێگەی هەڤاڵانمەوە ئاگاداری کارەکان بووم.

[١٤] . هێمن، سید محمدامین شیخ السلامی. ***تاریک و ڕوون***. بنکەی پێشەوا، ١٣٥٣، سەرەتا، ٣٨.

[١٥] . کەریم حیسامی، ***لە بیرەوەرییەکانم***، بەرگی١، ٢٠٦ - ٢١٨

[١٦] . مەلا عومەری عەسری. ***گۆڤاری گزینگ***، *ژ ٣٧، ٣٤- ٣٦*

[١٧] . ئەمیر حەسەنپوور. ***گۆڤاری دەروازە***، *پێشتر* ***و زیاد لە ١٢ نامە و ١٠ ئیمەیلێک*** *کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ مندا ئاڵ وگۆڕی کردووە.*

[١٨] دیارە وتارەکەی کاک ئەمیر، خۆی گوتەنی، تەنیا "گوزارش"ێک بووە بۆ ناساندنی کارە سەرەکییەکەی خۆی لە سەر هەمان بابەت، کە تا ئێستا چاپ نەکراوە و هیوادارم بە زوویی چاوی هەموومانی پێ ڕووناک بێتەوە.

جووتیارانی ناوچەی بۆکان"[١٩] و "جووڵانەوەی جووتیارانی ناوچەی بۆکان و خەباتی جەماوەری شاری بۆکان"[٢٠] دەکات.

موکریان جوغرافیایەکی بەرینە لە شنۆ و نەغەدە و پیرانشارەوە تا میاندواو و سائینقەڵا و سەقز و بانە درێژەی هەیە و ناوچەی فەیزوڵڵابەگی نێوان بۆکان و سەقزیش بەشێک لە موکریانە. دیارە لە جوغرافیای تاریخیدا ئەو ناوچەیە گەورەتر یان بچووکتر بۆتەوە و لە هەندێک قۆناغدا تەنانەت مەراغەش بەشێک بووە لە موکریان. دیارە ئەو دابەش کردنە موتڵەق نییە، بۆ نموونە، لە نەخشەیەکدا کە کاک سولەیمان چووکەڵی ئامادەی کردووە ناوچەی بانە و بەشێک لە سەقز لە دەرەوەی موکریان دانراون[٢١] لە کاتێکدا مامۆستا حەبیبوڵڵا تابانی ناوچەی بانەی هێناوەتە ناو موکریانەوە بەڵام نەغەدە و میاندواوی بە بەشێک لە موکریان نەزانیوە.[٢٢]

هەرچۆنێک بێت، من دڵنیام ئەگەر مۆتەکەی کۆدیتای ٢٨ی گەلاوێژی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و دارەدەستە گوێ لەمستە ناوخۆیی و خۆجێییەکانیان وا زوو سواری سەری ڕاپەڕینەکانی بۆکان وفەیزوڵڵابەگی نەبوایە و پێش ئەوەی هاوزنجیرەکانیان لە موکریان و ناوچەکانی دەوروبەر بەرەوپیری خەباتێکی هاوبەش بێن، تێکیان نەشکاندایە، ڕاپەڕینەکە نەک هەر پەرەی دەسەند و دەبوو بە موکریانی، بەڵکوو بە ماوەیەکی کەم سەرانسەری کوردستان و تەنانەت ئازەربایجانیشی دەتەنیەوە. بەڵام بە داخەوە لە ماوەی کورتی تەمەنی ڕاپەڕینەکەدا، ئەو شتە ڕووی نەدا و ڕاپەڕین لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی و هەندێک گوندی بەربڵاوی دیکەی موکریاندا قەتیس مایەوە.

### جیاوازیی بۆچوونەکان

من بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی ئەو ڕاپەڕینە هەر لە ساڵانی سەرەتای ١٩٩٠ بەدواوە پەیوەندیم بە هەندێک کەسەوە گرت کە یەکیان نەمر کاک ئەمیر بوو. مامۆستا ئەمیر، بەگوێرەی نەریتی خۆی بۆ یارمەتیدانی بێدرێغی خەڵک، گەلێک یارمەتی منیشی دا و ڕێنومایی کردم. پەیوەندییەکان سەرەتا بە نامە بوون و دواتر بە ئیمەیل. لە ناو نامەکانی ئەو ساڵانەدا یەکیانم هەڵبژاردووە کە لێرەدا کۆپی دەکەم و دەیخەمە بەر چاو.

ئەو، کە هەندێک بەڵگەی لەسەر ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەکە، بۆ نموونە، شاماتی نێوان میاندواو و مەهاباد کۆکردبووەوە، لە سەر ئەوە سوور بوو کە ڕاپەڕینەکە دیاردەیەکی موکریانی بووە.، بەڵام کەسێکی وەک من کە پەیوەندی ڕاپەڕینی گوندەکانی لەگەڵ شاری بۆکان بە کردەوە بینیبوو و قارەمانانی وەک عەلی میرەبەگ و میرزا ڕەئووفی خەیاتی ناسیبوو، کە وەک پێشڕەوانی خەباتی ناوشاری بۆکان لە پەیوەندی ناوچەی فەیزوڵڵابەگیشدابوون، بۆم ئەستەم بوو باوەڕ بکەم کەسانێک بە هەڵە، یان بە حیسابی کەم دیقەتی، ئەو ڕاپەڕینە بە 'موکریانی' ناوببەن.

---

[١٩] . ***ئاڵە کۆک***، *پێشتر، ١١٩- ١٢٤*

[٢٠] **سەدەی کارەسات،** *٩٧- ١٠٦*

[٢١] بڕوانە "نەخشەی سیاسی و دیمۆگرافیکی موکریانی کوردستان".

[٢٢] بڕوانە "بررسی اوضاع طبیعی، اقتصادی و انسانی کردستان در نمونه کردستان مکری" (١٣٣٨). جێگەی سەرنجە کتێبەکە وەک پایان نامەی زانکۆی نووسەر بۆ زانستگەی تەورێز نووسرا و لە تەورێزیش چاپ کرا. دوور نییە ئەو هەڵاواردنە ئاکامی گوشاری ئەوان بووبێت.

دیارە من کە ئەم دێرانە دەنووسم ئاگاداری ئەوەش هەم کە وەرزێرانی کوردی هەندێک شوێنی وەک شامات و مەحاڵی نێوان میاندواو و مەهابادیش لەو سەروحەدەدا ڕاپەڕین و نەمر کاک ئەمیر بیرەوەریی چەندکەس لەوانی تۆمار کردووە، بەڵام لام وایە ئەوانیش درێژەی ڕاپەڕینەکەی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بوون- ناوچەیەک کە گوندەکانی لە میاندواوەوە دوور نین؛ هەربۆیە، ئێستاش هەر ناتوانم ڕاپەڕینەکە بە دیاردەیەکی "پان موکریانی" بناسم. بە بۆچوونی من ناسناوی 'موکریانی' دان بە ڕووداوێک کە لە چوارچێوەی بۆکان و گوندەکانی بەری ڕۆژهەڵاتیدا قەتیس مایەوە و هەر لەو مەودایەشدا سەرکوت کرا، قەلب کردنی مێژوو، دەمارگیریی ناوچەیی و لە ئەنجامدا چەواشەکاری نەبێت هیچ نییە!

من لە بەهاری ساڵی ٢٠١٦ دا ئەو بۆچوونەی سەرەوەم بە پاراستنی ڕێز و حورمەتی کاک ئەمیرەوە، پێ ڕاگەیاند و گەورەیی ڕۆحی ئەو لەوەدا دەرکەوت کە بەو قسە توندەی من نەشڵەژا، لێم تووڕە نەبوو و تەنیا لەوەڵامدا بۆی نووسیم کە،

*"ڕەنگە پێویست نەبێ ئەوەی بڵێم کە ئەمن خۆم لە تەعەسوبی ناوچەگەری دەپارێزم و پێم وایە لە مێژە توانیومە تەواو خۆمی لێ ڕزگار بکەم. هیچ شتێک لەو دنیایەدا نییە کە پێم بسەلمێنێ یان بەرەو ئەو باوەڕەم بەرێ کە ناوچەی X یان وەرزێرەکانی لە ناوچەی فەیزوڵابەگی و وەرزێرەکانی باشترن."*[٢٣]

من دەست بەجێ لە وەڵامدا بۆم نووسییەوە:

*"سپاسی زۆر کاک ئەمیر گیان. منیش دڵنیاتان دەکەم تەعەسسوبی ناوچەگەریم کەم تا زۆر نییە و ئەوەی لەسەر بۆکان دەینووسم لەبەر ئەوەیە شارەزای ناوچەکەم و بۆ نموونە، شارەزاییم لە سەقز یان میاندواو و مەهاباد و شارەکانی دیکە نییە. من کە دەڵێم فەیزوڵڵابەگی، لەبەر ئەوەیە ڕاپەڕینی ئەوێ پشت ئەستوور بوو بە ڕاپەڕینی خەڵکی شاری بۆکان و ئەو تایبەتمەندییەی لە بۆکاندا بوو و شارەکەی کردبووە کانگەی خەبات دژ بە ئاغاکان، بۆ نموونە خاوەن مڵک بوونی ئاغا لە شار، لە شوێنی دیکەی وەک مەهاباد و سەقزدا نەبوو. ئەو دوو ڕاپەڕینە لە پەیوەندێکی ئۆرگانیکدا بوون و لێک جیا ناکرێنەوە، ئەوەش لە شوێنەکانی دیکەی وەک شامات و گەورکایەتیدا نەبوو باوەکوو لەوانەشدا ئاگری خەبات بڵێسەی سەند و بەداخەوە سەرکوت کرا. موزەففەریش بە هەڵکەوت نەبوو خۆی و هێزی ئەرتەش چوون بۆ ناوچەی فەیزوڵڵابەگی؛ هەروەها هێرشی ژنان بۆ سەر ماشێنەکەی و بە بەرد و تەپاڵە پێدادانی، ئەوە نەبوو کە لە شوێنەکانی تر ڕوویاندابێت. دیارە من ڕێزی زۆرم بۆ بۆچوون و ئەزموونی جەنابتان هەیە بەڵام ئێستاش بەهەڵەیەکی گەورە و چەواشەکردنی خوێنەری دەزانم ئەگەر ڕاپەڕینەکە بە ڕاپەڕینی هەموو موکریان بێتە ناساندن. دەشزانم مافی تەواوی کاک ئەمیرە ئەگەر بە پێچەوانەی من بابەتەکە ببینێت".*[٢٤]

دوای ئەو وتووێژەش، چەندجار ئیمەیلمان لەگەڵ یەکتر گۆڕییەوە بێ ئەوەی نیشانەیەک لە دڵگیری بە سەر نووسینەکانی کاک ئەمیرەوە دیار بێت، تەنیا نووسیبووی لە سەر قسەی خۆی سوورە و داکۆکی لە هەڵوێستی خۆی دەکات. لە وەڵامدا بۆم نووسی:

---

[٢٣]. ئیمەیلی ٢٠١٦/٦/١٥ی کاک ئەمیر بۆ من.
[٢٤]. ئیمەیلی ٢٠١٦/٦/١٥ ی من بۆ کاک ئەمیر.

*"هیوادارم لە بۆچوونەکانی من دڵگیر نەبووبێتن. من شتەکان وا دەبینم بەڵام دیارە مافی مامۆستایی و پسپۆڕایەتیش بۆ کاک ئەمیر دەپارێزم"* [٢٥]

یەک ڕۆژ دواتر، ئیمەیلی کاک ئەمیرم گەیشتە دەست کە نووسیبووی:

*"ئەمن بە راستی دەڵێم رەخنەم زۆر پێ خۆشە، بە بێ رەخنە گرتن راستی باش دەرناکەوێ. پێویستە زانیاری باش و تیۆری باش و رەخنەی بێ وچانمان هەبی، و باشترە "رەخنەی بێ بەزەییانە" هەبی (ruthless criticism یەعنی ئەوەی کە نیگەرانی سەرەنجامەکەی نەبێ و نیگەرانی وەی نەبی کە دەسەڵاتداران پێیان ناخۆش دەبێ)."* [٢٦]

لە ئەنجامی ئەو پلیمیکە دۆستانەیە لەگەڵ کاک ئەمیردا، من گەیشتمە ئەم ئەنجامەی خوارەوە سەبارەت بە ڕاپەڕینەکە:

> هاوکات لەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵکی بۆکان و ناوچەی فەیزوڵلابەگی، یان بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوان، لە هەندێک شوێنی دیکەی موکریان و تەنانەت شاری سنەشدا، گوندنشینانی ژێر ستەمی فێئۆدالەکان لە خاوەن موڵکی خۆیان ڕاپەڕیون و هەر ئەوەش وایکردووە کاک ئەمیر یان کەسانیتر ڕووداوەکە بە موکریانی ناوببەن. باوەکوو ئێستاش لەسەر ئەوە سوورم کە ناوەند و کانوونی خەبات شاری بۆکان بوو و گوندنشینەکان چ لە ناوچەی فەیزوڵلابەگی و چ لە گوندەکانیتر، لە درێژەی خەباتی ئەواندا، لە ملهوڕان ڕاپەڕین. جا بەو تەعبیرە، هەرچەند کەم دیقەت و ناتەواویش بێت، سیفەتی موکریانی یان کوردستانی دان بە ڕاپەڕینەکە، بۆ کەسانێک کە لە دەرەوەی بۆکان سەیری مەسەلەکە دەکەن، بە هەڵە نازانم.

ئەو ئاڵوگۆڕی بۆچوونەم وەک نموونەیەک هێنایەوە کە بڵێم ئەو ڕۆحە گەورەیە بەو هەموو زانیاری و پسپۆڕایەتییەوە کە بووی، چۆن لەگەڵ تازەکارێکی وەک مندا بە نەرم و نیانی دوا و تەنانەت ئەگەر لاقیشم لە بەڕەی خۆم درێژتر دەکرد و ڕەخنەی توندم لێدەگرت، لێم تووڕە نەدەبوو هیچ، بەڵکوو خەجاڵەتی دەکردمەوە و بە میهرەبانی لەگەڵم قسەی دەکرد. کێ دەتوانێ کاک ئەمیر بێت؟ <u>مەنتیقی سالم بە بێ ئەخلاقی سالم و ڕێبازی زانستی، ئەستەمە هەبێت.</u>

با سینگ فرەوانیی و ڕێزگرتن لە بۆچوونی دژبەرانمان لە مامۆستا ئەمیر فێر بین. با وەبیر خۆمانی بهێنینەوە کە ئێمە لە جیهانی نیسبییەتدا دەژین و بۆمان نییە دۆگم و موتڵەق بینیی سەدەکانی کۆن بهێنینە ئەمڕۆ و زیندووی بکەینەوە.

بۆ ناسینی ڕاستەوخۆی هەڵوێست و بۆچوونی زانستیانەی کاک ئەمیر لە خوارەوەدا کۆپیی دوو لاپەڕە لە نامەی ڕۆژی ١٩٩٥/٤/٢٨ی بڵاو دەکەمەوە کە هەر لە پەیوەندی ئەو ڕاپەڕینە شکۆدارەدا بۆی ناردبووم.

یادی مامۆستای کەم وێنە- دوکتۆر ئەمیری حەسەنپوور، زیندوو بمێنێت!

<u>سەرچاوەکان:</u>

بلووریان، غەنی. ***ئاڵەکۆک: بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم***. کۆکردنەوە و ئامادەکردنی حامید گەوهەری. ستۆکهۆلم، ١٩٩٧.

---

[٢٥] . ئیمەیلی ٢٠١٦/٦/١٧ ی من بۆ کاک ئەمیر.

[٢٦] . ئیمەیلی ٢٠١٦/٦/١٨ ی کاک ئەمیر بۆ من.

بلووریان، غەنی. ***سەدەی کارەسات- مێژووی زیندوو***، گفتوگۆ لەگەڵ غەنی بلووریان. ئامادە کردنی برایم فەڕشی. سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٨.
بهنود، مسعود. ***از سید ضیاء تا بختیار-دولتهای ایران از اسفند ۱۲۹۹ تا بهمن ۱۳۵۷***. چاپ سوم. تهران: انتشارات جاویدان، ١٣٦٩.
تابانی، حبیب الله. ***بررسی اوضاع طبیعی، اقتصادی و انسانی کردستان در نمونه کردستان مکری.*** چاپ دوم. انتشارات سیدیان، ١٣٣٨، ص٥٣.
چووکەڵی، سولەیمان. (ساڵ ؟). ***نەخشەی سیاسی و دیمۆگرافیکی موکریانی کوردستان***. بە زمانی کوردی و فارسی و ئینگلیزی.
حیسامی، کەریم، ***لە بیرەوەرییەکانم***، بەرگی یەکەم، وەشانێن ژینا نوێ، ئۆپسالا، سوئێد، ١٩٨٦.
عەسری، مەلا عومەر. ***گۆڤاری گزینگ***، ژمارە ٣٧.
محەممەدیان، ڕەحمان. ***بۆکان لە سەدەی بیستەمدا- کۆی ۸۱ بەڵگەنامە***. بەرگی یەکەم. تاران، کۆڵەپشتی، ١٣٨٩.
هەژار، عەبدوڕەحمانی شەرەفکەندی. ***چێشتی مجێور***. چاپی یەکەم. پاریس، ١٩٩٧.
هێمن، سید محمدامین شیخ السلامی. ***تاریک و ڕوون***. بنکەی پێشەوا، ١٣٥٣.

٢٨/٤/١٩٩٥

کاک ئەنوەری خۆشەویست

وێڕای سڵاوێکی گەرم وگوڕ. دوا نامەت کە ٢/١/١٩٩٥ بوو کە باسی ناساندنی دەستنووسەکانی کتێبخانەی بریتانیای کردبوو لەگەڵ پرسیارێک سەبارەت بە کوردی و هەورامی (گۆرانی). ئەمن هەر ئەو وەختە وەڵامی ئەو نامەیەم دا و هیوادارم گەیشتبێتە دەستت. ئێستەش سەبارەت بە باسی راپەرینی وەرزێرانی ١٣٣١-٣٢ و دەستنووسەکانی مێژووی موکریان کە لە نامەی 6/15/94 دا نووسیبووت و ئەو وەختی ماوەی وەڵام دانەوەم نەبوو ئەو چەند دێڕەت بۆ دەنووسم:

سەبارەت بە راپەرینی جووتیاران لە پێشدا هەتنی وتارێکی کە لە ساڵی ١٩٨٩ بەوڵە ئامادەم کردوو لە کۆنفەرانسێک پێشکێشم کرد بۆ ناردبووی. ئەگەر ئەو نووسراوە بخوێنیەوە تا رادەیەک بۆت دەردەکەوێ چیم کردوە و چۆنی بۆ چووم. بەڵام ئەو نووسراوە زۆر کۆنە و لەو دەمەوە تائێستا شتی زۆر کۆکردۆتەوە کە بە کورتی ئەوانەن:

١- وتووێژ:

هەر کەس بیبینم دەخەڵکی ناوچە بۆ مەسەلەی ١٣٣١/١٣٣٢ ی لە بیر بێ پرسیاری لێ دەکەم، بەشێک لەو وتووێژانەی بە شریت تۆمار کراون:

١- مەلا عومەری عەسری (٢ جار) ٢- مامۆستا شێخ عیزەدین
٣- مەلا رەحیمی عەباسی ٤- دوو ئاغا
٥- کاک جەلیلی گادانی ٦- کاک حەمەدەمینی ([illegible])
٧- کاک سەلاحی موهتەدی

٢- ئارشیو

نزیکەی ٥٠ لاپەڕە راپۆرتی کونسوڵی ئەمریکا لە تەورێز

٣- رۆژنامەکان

بەداخەوە تائێستە شتێکی وام دەست نەکەوتوە. یەک دوو ژمارەی رۆژنامەی اطلاعات ی رۆژنامەکانی تری تاران یان ئەو رۆژنامانەی لە سنە دەردەچوو (راپەرینەکە تەنیا لە موکریان نەبوو - لە زۆربەی کوردستانی ئێران جووتیاران دەنگیان کەوتبوون).

٤- شتی تر

- کورتە نووسراوەی کاک هێمن (بە ناوی تاریک و روون)
- نووسراوەی رۆژنامەی کوردستان (١٣٥٢ - بیرەوەری بیست ساڵەی راپەرین)
- نووسراوەکانی کاک کەریمی حیسامی

ئەو شتانەی نووسیوتن یەکجار گرینگن وبەکەڵکن. هیوادارم وەخت و عەلاقەی وەت هەبێ لەو لێکۆڵینەوەدا یارمەتیم بدەی و لە تۆمارکردنی بیرەوەری و زانیاری رەهەندەکان لە لێکدانەوەدا هاوکاریم لەگەڵ بکەی. ئەزموونی ساڵانی ١٣٥٧-١٣٦٠ ش یەکجار گرینگە و دەبێ تۆمار بکرێ. ئەوەی کە سەبارەت بە شۆڕشگێڕتر بوونی جووتیارانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی لە جووتیارانی رۆژئاوای بۆکان (موکریانی زادەکان) نووسیوتە باسێکی گرینگە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە هەیە. هەروەک لەبەرەوە چم کرد نووسراوەکەی ١٩٨٩ ی من زۆر کاڵ و کرچ و سەرەتاییە. کە باسی جووتیارانی موکریان دەکەی ناوچەی فەیزوڵڵابەگیش هەر بەشێک لە موکریان حیساب دەکەم. هەروەها لە سەروبەندی راپەرینیشی هەرەکەتێکی گرینگ هەبوو. لە پێش فەیزی الدینی دا لە هاوینی ١٣٣١ لە گوندەکانی سنە شەری دژی ئاغادەت دەستی پێکرد بوو. بەڵام ئەو باسە زۆر گرینگە بکرێ: بۆچی لە بەرە ناوچەیەک فلان کە تووندوتیژتر بوو و لە بەرە جێگایەک زۆر ئەهوەنتر بوو یان هەر نەبوو؟

١- سەبارەت بەو سەرچاوانەی کە لە نووسراوەکەدا کەڵکم لێ وەرگرتوە قەت ئاماژەت راستە. ماڵوێت هێمن و کاک سەلام هەروەک نووسیوتە: "هەر وەکوو ئاغاکان و خۆت ئاغا بوون". بەڵام بۆ لێکۆڵینەوەیێکی فراوانتر پێویستە

بیرەوەرا و هەڵوێستی هەموو لایێک تۆمار بکرێ و لێک بدرێتەوە. دیارە بەو شێوەیەی کە وەک خۆت ڕوونت کردۆتەوە، پێکهاتەی چینایەتی و پێگەی لۆژی هەر کامیان ڕوون بکرێتەوە و بزانین هەر کەسەی لە چ ڕوانگەیێک چاو لە ڕووداوەکان دەکا. بۆ وێنە ئەمن لە یەکێک لە ئاغاییەکانی نێزیک سەقزم بیست کە دەیگێڕاوە جووتیارەکان بۆ ماوەی شەش مانگ نەیان هێشت هیچ کام لە ئاغاکان لە گوند وەدەربکەون. ئەوە ناکۆکییەکی گرینگە کە ئاغایێک باسی دەکا، بریا لە ولات بام و چووبامە ئەو گوندە و لەگەڵ خەڵکی ئەوێش باسمان کردبا.

٢- کە لێکۆڵینەوەکەم لە پێدا وەتێکی تازەم نووسی دیارە دەبێ باسی ئاغاکانی فەیزوڵڵابەگی و ئێلخانی و مولکەکانیان و پێوەندییان بکەم و جوغرافیای مولکەکانیان و جوغرافیای شۆڕشەکە ساغ بکەمەوە. هەروەها پێشی سەلاکان و دەوری شێخەکان (تائێستە هیچم سەبارەت بە مەوقیعی شێخەکان وەدەست نەکەوتوە).

٣- ئەوەی ماموستا هێمن سەبارەت بە دەوری حیزب نووسیویە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆرتر هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کە دیارە ڕاپەرینەکە تا ڕادەیێکی زۆر خۆڕسکی بوە بەڵام کە دەستی پێکرد حیزبی توودە و حیزبی دیموکرات هەردووکیان هەوڵیان دا سواری بن. سەرەتای ئەوەی لە ساباغی کومیتەیەکی بوونەوەی حیزبی دیموکرات بۆ یارمەتیدان بە شۆڕشەکە پێک هێنرا (قسەی کاک جەلیل) یان لە ئەندروی حیزب پارەیان دان (قسەی کەریمی حیسامی)، و ئاوابوو حیزب دەورێکی وای گێڕاوە

٤- حاجی قاسم وادیارە کوتوویەتی ئەندامی "حیزبی ایران" ە نەک "جبهه ملی". "حیزبی ایران" بابەتەکەی کەریمی سنجابییە. هەروەها ئەوەندەی ئەمن بۆم ساغ بۆتەوە، حاجی قاسم پێش هێرشی ارتش، گیراوە بەرەو ئامادەت بۆکانی بەجێ هێشت و هاتە مهاباد و لەوێرا ڕۆیشتە ئەودیو. وادیارە ڕۆیشتنی وی دەورێکی گرینگی بوە لە تێکشکان یان بێ پشت وپەنابوونی وەرزێرەکاندا. حاجی قاسم ئێستە لە هەولێرە هەولم داوە بەیەک دوو کەسم ڕاسپاردوە قسەی لەگەڵ بکەن بەڵام تائێستە هیچم دەست نەکەوتوە.
عەبدوڵڵا ئێبراهیمی کە لە قەیسەر چووە، ئەو دانەی کە ماوی و ئاری چەند کە سیکیلوت نووسیوە زۆر پێویستە وت ووێژیان لەگەڵ بکرێ.

ئەو باسەی سەبارەت بە خەباتەکانی دانیشتووانی بۆکان و دەوریان لە ڕاپەرینی دا نووسیوتە زۆر گرینگە. لە ئوروپای دەورانی فیئوداڵی و سەرەتەبەندەی پەیدا بوونی سەرمایەداری دا هەروابوە، نارێزانەکان و دووکاندارە قەسەبەکان هاوڕێ و هاوتەبایە ڕێبەری بزووتنەوەی جووتیارەکان بوون. بەداخەوە مێژووی کۆمەڵایەتی بۆکان یان هیچ شاریکی دیکەمان نیە کە کەلکی لێوەربگرین. بەڵام سالی ١٣٣٢ هێشتا زۆر کۆن نەبوە و ئەمنیش وەک تۆ ١٠ ساڵم تەمەن بوو و دەکرێ بە وت ووێژ زۆر کەلێن و کەلەبەران وێک بکەینەوە. دەبێ بزانین لە بۆکانی ساڵی ١٣٣١ چەند کاسبکار هەبوون، چ چەشنە دووکان و چەند ئاسنگەر و ... شتی وا هەبوون. چەند مال هەبوون؟ چەند ماڵ ئاغای لێ بوو؟ کام ئاغاکان؟ و هەزار پرسیاری دیکە

ئەمن پێم زۆر لەو کەسانەی کە بۆکانی یارمەتی جووتیارەکانیان دەدا لە مەلا عومەر و کاک حسەن پرسیوە و دەبێ ئەوانە بکێشمە سەر کاغەز و بزانم کێ و کەسیان چیە.

لە بابەت سەرچاوە نووسراوەکاندا، هەروەک عەرزم کردی ڕۆژنامەکانی حیزبی توودەم هێشتا وەدەست نەکەوتوە. ئەگەر ڕۆژنامەی حیزبی ئێرانیشم وەدەست بکەوێ دەنگە شتی زۆر تێدابێ. بەڵام کتێبی چهل سال پیکار خستگی ناپذیر در راه سازماندهی و رهائی دهقانان ایران (انتشارات حزب توده ایران، ١٣٥٦، ١٥٣ صفحه) هەر باسی ئەو ڕاپەرینە ناکا. عەلی کەلاوێژیش پێم وایە ئەگەرچی چاپ کردبێ هەر ئەوانەن کە بە تورکی لە باکۆیە بڵاو کراونەتەوە. بیبلیوگرافی ئەو نووسراوانەم هەیە بەڵام هیچ کامیانم وەدەست نەکەوتوە. نووسراوەیێکی بە فارسی بڵاو بۆتەوە کە تائێستە نەم توانیوە پەیدای بکەم:
علی کلاویژ، مبارزات ارضی در کردستان (زوبین طراحان مرزداران)، انتشارات روزبه، ١٣٦١
ئەگەر هێنایان دەکرێ دەکرێ زۆر ممنوون دەبم فوتوکوپیەکەم بۆ بنێری.
ڕا دیارە کتێبێک سەبارەت بە فەیزوڵڵابەگیان بڵاو بۆتەوە کە هێشتا وەدەستم نەکەوتوە.